# پرۆگرام و

# پەیڕەوی ناو خۆی

# پارتی سەربەخۆیی

# دیموکراسی کوردستان

له یه که م کۆنگره ی حیزبدا ڕۆژانی ٧-١٠ / ٩ / ١٩٩١ په سند کراو بڕیاری له سه ردرا

# جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە..

له مەودای تێپەڕکردنی بیرو هۆش و زانستی مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەوییە. ئادەمیزاد بالاترین زیندەوە (بوو)ی ناسراوی گەردوونە.

رووپەری مێژوو و ژیانی زانراو بێدەمەتەقێی مرۆڤ لەچەند هەزار ساڵێك تێپەڕ ناکات، ئەویش ئەو سەردەمەیە کە مرۆڤ پێی ناوەتە نێو قۆناغی شارستانیەت و ژیارەوە دوای جێگیر بوون و نیشتەجێ بوونیو خوودانە کشت و کاڵ و بەخێو کردنی مالات و بەرە بەرە پەیدا بوونی چەند مەڵبەندو ناوەندێکی ژیاریو داهێنانی نووسین و دەستورو یاساو دەسەلاتێکی کۆمەلایەتی دیاری چەسپاو.

ئەم سەردەمەش با لەچاو مێژووی ڕسکانی مرۆڤەوە بەشێکی یەکجار کەم و کورتیش بێت، بەلام سەرجەم گۆرانە گەورەو مێژوویی‌یەکان و پێش کەوتنی باری مادیو رۆحی مرۆڤ و شەقڵ بەستنی بوون و ژیانی کۆمەلایەتیو مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا بووە.. ئەوە دوای ئەو چەند ملیۆن ساڵەی گەشەو نەشونماو فراژوو بوونیو گەیشتنە پلەی بوویەکی بەهۆش و گۆشی کۆمەلایەتی لە جوغزی تەخمین و بۆ چوون (دەشێو پێدەچێو دەبێ وابێ) دایە لە چوارچێوەی

چەند تێورێکی رێ تێچوودا..

ئەوەی لەمەر شتێ پتر لە رشتەو زنجیرەی ئەم رووداوە روون و ئاشکراو بەڵگەنەویستە ئەوەیە: کە مرۆڤـە بوونێکی هێزەکی لەناخدا رسکاوە کە پێ بەپێی گەشە کردن و تێهەڵکشان و هاتنە پێشەوەی بارو زەمینـەی پێشکـەوتن و فراژوو بوون و سەرهەڵدانی بوونەکە دەگۆڕێت بە بوونێکی کارەکی بەردەوام وهـەمیشە بالاو پێشکەوتوو... مرۆڤ لە سەرەتای جوێبوونـەوەو تایبەت کاری بەخۆوە گرتنی خەسڵەتـەکانی مرۆڤانەی، رۆژ بەرۆژ ئەو خەسڵەت و سیفـەتانـەی لە گەشـەو نەشوونماو گەلاڵەو فراژوو بووندا بووە تا گەیشتۆتە ئاکاری ئەوەی (هۆشی)وەکو دیاردەو بوونێکی تایبەتیو بێ نموونە شۆرشێکی ناوەتەوە لەبوون و سروشتداو عاملێکی نوێ بووە لەژیان و بووندا و بۆتە هاوپشکی غەریزەکانی، کە تا ئەو کاتە لەرووی بێ ئیرادەییو کەرەواڵەییدا لە بەرامبەر غەریزەکانیدا چ جیاوازییەکی لە زیندەوەرانی دیکە نەبووە بەم پێیە سێ دنیای بەربەرین لەبووندا پەیدابوون، بوونی ماددی، بوونی زیندویەتی، بوونی هۆشەکی مرۆڤ بەتەنیا لەتەك بوونی مادێتی بوونیاو بوونی

زیندویتی له جولەو بزوتن و زیندایەتی دایە بوونێکی سەردارو شاکاری تری هەبووه کە بوونی (هۆش)ەکەیەتی. ئەم بوونی جیازو تایبەتی یەی دنیای سێیەمی مرۆڤ لەسەرجەم بونەکانی دیکەی جوێ کردۆتەوەو چوارچێوەی بوون و ژیانیو دەستوراتی تایبەتی پێبەخشیووه. ئەم پێکەڵ پێکیەی بوونی ماددەیو زیندەیو هۆشەکییەی مرۆڤ لەتری بە زۆر بیرو بۆچوون و فەلسەفەو فەیلەسوف بردووه. یا بەلای ئایدیالیستی رووت و بن بۆشی تەنیا لانی رۆحیو نادیاری مرۆڤدا بردووه، یان لە پێودانگ و قەپیلکی دەستوره ماددییە رەق وتەقەکانی ماددەی رووتدا تاسێنراوه، کە هەر دویان لەیەك لایەنەوە سەرنجی مرۆڤ و هەڵکەوت و یاساکانی دەدەن و مرۆڤ لەو تایبەت کارییو خۆبەخۆییەی دەخەن، کە بەمە ناتوانن لە مرۆڤەکە بگەن و ڕێچکەی مێژووی وەدۆزن... بۆیه ئەگەر لەو راستییە زانستییە سەلماوە چەسپاوه کە دەڵێت «مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابییە لەم گۆی زەوییەدا» دەرنەچین و روانگەی دانە بەر سەرنجمان نەبێت ناتوانرێ دەستورو یاسا گشتیو تایبەتییەکانی بوون و ژیانی کۆمەلایەتی بزانرێو ڕێی لەبەردا

دەربکرێ.

لەنێوان هەموو ئەو یاساو دەستورانەی کە بوون و ژیانی مرۆڤیان لەسەر بەندەو پێبەپێ دەڕوات، (پەلەی ژیان) دەستورە هەرگیز نەگۆڕاو و بنج داکوتراوی قوڵایی دەرون و بوونیەتی، کە سەرچاوەو شا ڕەگی تێگرای بوون و جم جۆڵ و چالاکی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی‌یەتی. سەرجەم ڕەفتارو هەڵس و کەوت و ڕووداوو دیاردەکانی لە هەر شێوەو بەهەر روو لەهەر لان و بوارێکەوە بن لە بنەرەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (پەلەی ژیان)ەو هەموویان لکێکن لەو شادەمارە ڕسکاوەی نێو ناخی بوونی زیندویەتی مرۆڤ. (پەلەی ژیان)یش لەوپەڕی خۆخۆیی‌و خەڵك خۆری‌و هەڵپەو پەلامارو یەکدی خواردنەوە تا ئەو پەڕی هاوکاری‌و لەسەر یەککردنەوەو پێکەوە ژیان وەکو خەتێکی بەیانی خوارو خێچ بەڵام هەردەم هەڵکشاو وەکو هەڵکەوتێکی تایبەتی مرۆڤ لە مێژوودا هەبووە، دیارە کە لەگەڵ تێهەڵکشان و پێشکەوتنی ماددی‌و هۆشی‌و ڕۆحی مرۆڤ لە پلەی شارستانیەتی‌و ژیاری‌و لێك نزیك بوونەوەی ئاپورەی خەڵکی و زێدە بوونی پەیوەندی‌و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری‌و گەشەو

تێهەڵکشانی لانی مەعنەوی‌و ئەخلاقی‌و رۆحی مرۆڤ پتر هۆکانی لێك گەیشتن و تەبایی‌و رێکەوتن و گونجاندنی بەرژەوەندی‌یەکانی تاك و کۆمەڵ کەڵەکە دەبن و رێچکەی هاوکاری وپێکەوە ژیانی تاکە تاکەو کۆمەڵ بە کۆمەڵی مرۆڤ دەچەسپێنێ‌و لانی ئیجابی و گەش و مرۆڤانەی (پەلەی ژیان) باڵ دەکێشێ بەسەر بوونی مرۆڤایەتی‌داو بەرە بەرە لانی سلبی‌و درندایەتی‌یەکەی دەپوکێتەوە...
کاتێکیش ئەم بارە دەچەسپێ‌و دەق دەگرێ کە چ مرۆڤ و چ کۆمەڵگە جۆ‌ێجۆێکانی بکەنە ئەو ئاستی ئاسودە و دڵنیایەوە کەچی دی ترسی خۆپاراستن و لەسەر خۆکردنەوە هەڵوێستەیان پێ‌نەکات و ناچار نەبن کە بۆ مانەومیان لەسەرخۆ بکەنەوە، بەڵکو سەرەتاو گیانی مرۆڤانەو هاوکاری ئەم لایەنەیان بۆ دابین بکات... تائەو رۆژەش تاکی لاوازو کۆمەڵ و گەلانی نەتەوەی بێ‌هێز کراو بۆ خۆپاراستن و لەسەر خۆکردنەومو مانەوە پێویستیان بە هەر پارسەنگێکە دەستیان بیگاتێ بۆ بەرامبەر کردنەوەی تەرازووی شانسی بوونیان.
سەرنجێکی پەلەو درشتی رۆڵی دەستوری رسکاوی (پەلەی ژیان) لە ژیانی تاکە تاکەی ئادەمیزاددا و لە

پێـك هێنــان و ڕسكــانی كۆمــەڵگــەی مێـژوویی مرۆڤــایــەتیدا بە ئاشكـرا دەوری هەرە سەروەرو سەرەكیو بنــەڕەتی (پــەلەی ژیــان)مــان لا ئاشكرا دەكـات و بوونی كۆمــەڵگــەی (نــەتەوایەتی) وەكو ڕەســەنتــرین و سروشتیترین چوارچێوەی مێژوو كردی هەمیشــە بوونی هەر دەم زیندوی بەردەوام گەشــەكـردوی ژیــانی كۆمەلایەتی دەسەلمێنێتەوە.
پێـداویستییەكانی ژیان و مانەوە وەكو هەڵكەوتو خۆڕسكێكی نێــو ناخی مرۆڤ بۆ پتــر قایم كردن و مامڵەتی ژین و ژیاردا لە ترس و لەرزەی (خوران و ڕەســین)و خۆپــاراستن لە ناهــەمــواری و سەختی سروشت و ژیــان و (دەوروبەری لەیەكتری نیزیك ببنــەوەو خۆ بدەنــە پاڵ یەكتریو ژیانی بەكۆمەڵ بوون برسكێ... لەوێرا پێویستی پێكەوە ژیان و لێك گەیشتن (زمان)ی وەكو ئامرازێكی لێك تێگەیشتن و بیر گۆڕینەوەی پێش هێناوە.
پێكەوە ژیانی ماوەیەكی زۆر پێكەوەدو شێوەو جۆری ژیان و نیزیكیو هاوخۆشیو سەختێتیان وایكردووە كە جۆرە هەستێكی هاوبەش و لێك چووی لا پەیدا كردوون...
بەســەر هات و ڕۆژانی خۆشیو ناخــۆشی پێكــەوە

گوزەرانیان و هاوبەشێتیان لەبارو هەل و مەرجی لێک چوو نزیکدا (مێژووی) بۆ دروست کردون.

شوێن و جێگەو مەڵبەندی راوو شکارو حەسانەوەو گوزەرانیان قەڵەمری تایبەتیو سەربەخۆیان لا پاوان کردون... بەم جۆرە هەر کۆمەڵەی بەجیاو سەربەخۆ لە کۆمەڵێکی دیکەبە عەمەلییەتێکی خۆرسکیو مێژووی دوورو درێژ شەقڵی تایبەتی خۆی گرتووەو هەر کۆمەڵە خەڵکەی لە چوارچێوەدا بۆتەقەی (زمان و خاك و مێژوو هەستی نزیکی) هاوبەش و تایبەتیو سەربەخۆی جیا لە کۆمەڵێکی دیکە، رسکاوەو قاڵبی کۆمەڵێکی جیاوازی گرتووە بەخۆیەوە.

★ ★ ★

پێش ئەوەی هەرشتێ

بین، دەبێت کورد بین

# باوەڕو ئامانجە بنەڕەتییەکانی حیزبمان

١ ـ باوەڕی پیرۆزو نەگۆڕمان بە (مافی دیاری کردنی ئازادانـەی چارەنـوسی نەتـەوەی کورد)ە لە چوارچێـوەی جوگرافی نیشتمانی مێژوویی کورددا، کە دەگـاتـە (ڕزگـاریو یەککرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستـان و ئازادی نەتـەوەی کورد) سەرچاوەی

بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیەت و ستراتیژی حیزبمانە...
هەموو شتێ دەبێ لە خزمەتی ئەم ئامانجەدا بێ.
٢ - بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سەرەکیو ستراتیژییە
مێژوویەی نەتەوەکەمان، لەگەڵ هەر هەنگاوێك
داین کە لەو ئامانجەمان نێزیك بکاتەوەو هەر جۆرە
دەستکەوتێکی کاتیو لەهەر قۆناغێکی ئەو خەباتەدا
لەســەر بناغەی مومارەسەی ئەو مافە، بەپێی بارو
هەل و مەرجی ڕەخساو دەسەلمێنین.
٣ - دیموکراتی.... وەك سەرەتاو مەبەست و ڕێبازو
باوەڕ بە جەوهــەری بنــەڕەتی مەســەلەی سیاسیو
کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان دەزانین.
٤ - باوەڕمــان بە یەکێتی ڕیــزەکانی نەتەوەی کورد
هەیــە لەنێــوان هەمــوو هێزە خێرخواو شۆڕشگێرو
دڵسۆزەکانی کوردستاندا.
٥ - پشتگــیری لە یەکگــرتنی هەموو هێزە سیاسییە
خێرخــواو شۆڕشگــێرو دڵســۆزەکــانی کوردستــانی
لەســەر بەرنــامــەیــەکی سەرو مری پێشکەوتووی
خزمــەت گوزار بە مەســەلەی نەتــەوەکەمان لەهەر
پارچەیەکی کوردستاندا دەکەین کە بەردی بناغەی
**(بەرەیەکی کوردستانی فراوان)** بێت لە سەرتاسەری
**کوردستاندا.**

٦ ـ بەرهەڵستیو دژایەتی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا لەهەموو بوارو بارو هەل و مەرجێکدا و بۆ هەر مەبەستێك ڕسوا دەکەین و بەتاوانی «ناپاکی میللی» دەژمێرین.
٧ ـ ناکۆکی نێوان باڵە شۆرشگێرو دڵسۆزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، ناکۆکییەکی لاوەکییەو تەنیا دەبێت بەریۆ شوێنی سیاسیانەو هێمنانە بەلادا بخرێن... هەر پەنا بردنە بەر زەبرو زەنگ و کورد کوژیەك بە ناپاکی میللی دەناسین.
٨ ـ لەگەڵ یەکخستن و هاوکاریو هاو پەیمانیتی هێزە کوردستانیو هێزە دیموکراسیو نیشتمانیو نەتەومییە بەرچاو رونەکانی هەموو گەلانی دراوسێدا بن، لەسەر بنچینەی بەرامبەریو هاوتایو یەکسانیو ڕێزو پشتگیری بەرانبەر.
٩ـ باوەرمان بە یەکخستن و هاوکاریو هاوسەنگەری بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردو بزوتنەوەی دیموکراسی هەموو گەلانی جیهانی هەیە...
١٠ ـ دژی داگیرکردن و چەوساندنەوەو نەژاد پەرستیو رەگەزپەرستین لەسەر تاسەری جیهاندا
١١ - ڕێزو سوودلە هەموو بیرو کارو

تاقیکردنەوەیەکی نێو نیشتمانیو جیهانی دەگرین و وەردەگرین کە لەگەڵ بەرژەوەندی ویست و خوازو ئارەزوی ماددیو مەعنەویو دەروونی کوردا بگونجێ.

١٢ -دژی هیچ بیروباوەرو رێگەو مەبەستێك نین، کە دژایەتی کوردو مرۆڤایەتی تێدا نەبێت و لەمپەر نەبێت لەسەرە رێگەی بوون و مانەوەو گەشەو بەرژەوەندی ماددیو مەعنەوی نەتەوەکەمان.

١٣ - بناغەو سەرەتای پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو کەس و لایەن و کۆرو کۆمەڵ و دەوڵەتێدا لەسەر بنچینەی هاوبەرژەوەندیو رێزی بەرامبەرو هەڵوێستیان بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتیمان دەبێت بەڵام دژی خۆبەستنەوەین بەهەر بەرەو مۆڵگایەکی نێو دەوڵەتی تەنیا بەرەی سروشتی ئێمە بەرەی گەلانە.

١٤ - دەستی یارمەتیو هاریکاری بۆ هەموو کەس و رێکخراوو لایەن و بەرمیەکی خێرخوازی کورد درێژ دەکەین کە سودو بەرژەوەندی کوردی تێدا بێت.

١٥ - رێز لە هەموو یارمەتیو کۆمەکێکی خێرخوایانەی مرۆڤ دۆستانە دەنێین کە پێشکەش کورد بکرێت، بەمەرجێ سەربەستیو سەربەخۆییو

ئازادی نەتەوەکەمانی تێدا نەکەوێتە مەترسییەوە.
١٦ - بەرژەوەنـدی سروشتیو ڕەوای نەتەوەکەمان لەسەروو هەموو ئعتبارێکەوە دادەنێین.
١٧ - ڕێز لە ویست و خواست و بڕیاری هەموو گەلێ دەگرین و هەر بەو ئەندازەیەش ڕێ نادەین کەس لوت بژەنێتــە کارو بارمــانــەوە، هەرواش تێکـەڵی چارەنوسی خۆ قەراردادی هیچ نابین.
١٨ - دژی دیکتــاتــۆریــەت و ئیحتکــاری سیاسیو هەموو جۆرە پاوان خوازیەکین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.
١٩ - ئاسایش و ئاشتی ڕەوا لە کوردستان و جیهان دا مەبەستمانە.
٢٠ - دژی شەری نارەوایــن و لەگــەڵ هەمــوو مل ملانێو جەنگێکی میللیو کۆمەڵایەتی ڕەوادایـن.
٢١ - دژی خۆسەپاندنی (چینێك)، (کۆمەڵ و تاقمێك) یان (کـەسێـك)ین بەســر کۆمەڵداو دەبێت هەموو کارێك لە خزمەتی زۆربەی زۆری کۆمەڵ دابێت.
٢ - جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەلاتە.
٢٣ - هەمــوو بیروڕاو فەلسەفەو ڕەفتارێك دەدەینە دواوە کە لە بڵندیو کەرامەتی مرۆڤ کەم بکاتەوەو مرۆڤ بخانە خانەی سەر بە هەر چییەك.

کوردستان

تەنها

موڵکی کوردە

# سەرەتاکانی نەتەوەیی و نێو نەتەوایەتی

١ ـ نەتەوە بالاترین شێوەو چوارچێوەی گونجاو و خۆرسکی بوونی کۆمەلایەتی مرۆڤە،ئەم بوونە کۆمەلایەتی‌یە هەمیشە زیندوو هەردەم گەشە کردووە. باری سروشتی‌و دروستی پەیوەندی نێو کۆمەلایەتی مرۆڤ دۆستایەتی‌و هاوکاری‌و ڕێزی بەرامبەری هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەویە. هەموو جۆرە دەست درێژی‌و سوکایەتی‌و پاشکۆ بەندی‌و بەستنەوەو ژێردەستی‌و چەوساندنەوەیەك لەهەر شێوەو جۆرو بەهەر بەهانەو بیانوویەك بێت دژی دادو ڕەواو گیانی مرۆڤایەتی‌و برایەتی مرۆڤانەیە.

٢ ـ پەیوەندی سروشتی‌و مرۆڤانەی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی دەبێت لەسەر بناغەی یەکسانی‌و هاوتای هەموو نەتەوەکان، بێ جیاوازی‌و گەورەو کچکەو پێش کەوتوو دواکەوتوو هەژارو بەدەست، هەلبستێ... هەر مەبەستێ لەسەر حسێبی ماف و دادو ڕەوایەتی هەر نەتەوەیەك پەیدا بێت نارەواو دژ

بەگیانی برایەتی مرۆڤانەیە.
٣ ـ نەتەوەکان چوون یەك و هاوتان لە ماف (سەربەخۆیی‌و ئازادی‌و پەرژەوەندی میللییاندا).
٤ ـ هەموو نەتەوەیەك، چ گچکەو گەورە چ پێشکەوتوو دواکەوتوو ماف ئازادانەو بێچەندو چوونی (دیاری کردنی چارەنووسی) خۆیان لەسەر خاکی خۆیان هەیە، کە دەوڵەت و کیانی سەربەخۆیی‌یان جەوهەری ئەو مافەیە.
٥ ـ هەر کەسەو ڕێکخراو و لایەن و دەوڵەتێك، لەبەر هەر هۆو بۆ هەر مەبەستێك بێ پێچەوانەو مەرج و مەرج کاری دان بە بوون و ماف (سەربەخۆیی‌و ئازادی)و (دیاری کردنی چارەنووسی) هەر نەتەوەیەکدا نەنێ لە خەسڵەتی مرۆڤایەتی دەشۆرێتەوەو دژ بە هەموو مرۆڤایەتی‌یە.
٦ ـ هەر دەستکەوت و سوودو بەرژەوەندی‌یەك لە ژێر هەر بارو هەل و مەرجێکدا، لەسەر حسێبی ماف و بەرژەوەندی‌و سوودی نەتەوەیەکی دیکەدا بەدەست بێت.. نارەواو نا مەشروعە.
٧ ـ هەموو نەتەوەیەك بۆی هەیە، بێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەرەکی جۆرو شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیری‌و

مەزهـەبیو سەرتـاپـا كاروباری كۆمەڵایەتی خۆی بەویـسـتـو خواسـتـی جەمـاوەری خۆی سودو بەرژەوەندیو گونجانی خۆی دیاری بكات بەمەرجێ لەسەر حسێبی هەمان مافی نەتەوەكانی دیكە نەبێت.

٨ ـ دەبێت هەموو تاك و رێكخراو كۆمەڵێك باوەر بەو مافـانـە بێنێت كە لە (بـەیـاننـامـەی مافی مرۆڤدا) چەسپـاوەو پێرەوی بكـات... هەر تەسك كردنەوەو پێشێل كردنێكی ئەو مافانە تاوانە بەرامبەر هەموو مرۆڤایەتی.

٩ ـ هەر كارو رەفتارو باوەرێك كەرامەتی مرۆڤ و مافی نەتەوەكان بخاتە مەترسیەوە، كارێكی نامرۆڤانەیەو پێویستە بەهەموان بەری پێبگرین.

١٠ ـ هەمـوو مافەكانی كەمە نەتەوایەتیو ئاینیو مەزهەبیو ئەتینیەكانی دەبێت بپارێزرێو دابین بكرێن.

★ ★ ★

# ئەوی جەماوەری لە پشت بێ سەرکەوتووە

# سەرەتاکانی مافی مرۆڤ

١- باوەرمان بەسەرجەم ئەو ماف و ئازادییانەی مرۆڤ هەیە کە لە (بەیانی مافەکانی مرۆڤدا) هاتوون.

٢ - مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابی‌یە لەسەر ئەم گۆی زەوی‌یە هیچ شتێك سەرو مرۆڤ ناخرێتەوە.

٣ - چەوساندنەوەو دادۆشین و رووتاندنەوە، بەهەموو شێوەو جۆرەکانی‌و لەهەر بارو هەل و مەرجێکداو بۆ هەر مەبەست و بەهەر بیانوویەك بێت کارێکی نارەواو نامرۆڤانەیەو دەبێت رێی پێنەدرێت.

٤ - باوەرمان بەمافی چوونیەکی پیاو و ژن هەیە.

٥ - منداڵان بناغەو کەرەسەی دوا رۆژی کۆمەڵگەن، بۆیە دەبێت لەرووی لەش و هۆش و گیان و دەروونەوە بەگیانی نەتەوەیانەی مرۆڤ دۆستەوە پەروەردە کرێن و هەموو زەمینەو ئامرازێکی پێگەیشتن و گەشەو فراژووبوونیان بۆ برەخسێنرێ.

٦ - کوردستان لانەو دالدەی هەموو مرۆڤێکی چەوساوەو راونراوو شۆرشگێرە، هەموو مرۆڤێك

بۆی هەیە تێیدا وەهەسێت، بەمەرجێك زیان بەبوون و بەرژەوەندی کورد نەگەیەنێ.

٧ - دژی هەموو جۆرە جیاوازیو دەمارگیرییەکی هەرێم گەری و ئایینیو مەزهەبیی و نەژادیو تایەفەگەرین لەکوردستانداو هەمووان چوون یەك پشکیان هەیە بەسەر خێرو بێری کوردستانەوەو دەبێت هەلی چوون یەکیان لەبەردەمدا برەخسێندرێ.

٨ - دژی بیرو بانگەشەو رێکخراوێکێن ئاژاوەو جیا خوازی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بنێتەوەو بوونینەتەوایەتیمان بخاتە مەترسییەوە... ئەندازەی خزمەت کردن بە ماف رەوای جەماوەری کورد شوێن و پایەو خانەی هەر یەکێك لە چێوەی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردەواریدا دیاری دەکات.

٩ - رەنجدەران و زەحمەتکێشانی کورد بەردی بناغەی خەبات و بوونی نەتەوایەتی کۆمەڵگەکەمانن و دەبێت ماف و داواکارییەکانیان بەر هەر داوایەکی کۆمەڵایەتی دیکە بخرێنەوە.

١٠ - رێز لە هەموو بیروراو هەستێکی ئایینیو مەزهەبی کۆمەڵکەی کوردەواری دەنێین، بەمەرجێ کۆسپ نەبێت لە رێگەی خەبات و بوونی میللیماندا،

هەر سووکایەتی‌یەک بەهەر کوردێکی بەشەرەف بکرێت سووکایەتی‌یە بە کەرامەتی نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی هەموو کۆمەڵگەکەمان.

١١ - رێز لەداب‌ودەستوری خێرخواو گونجاو و پێشکەوتوی کۆمەڵگەکەمان دەنێین و پێویستە ئەو داب و عەنعەناتە کۆن و زیان بەخشانەی نێو کۆمەڵگەکەمان بژار بکرێن.

١٢ - ناپاکان و خۆفرۆشان مافی ژیانیان نی‌یە لە کوردستاندا.

١٣ - هەموو کوردێ لەسەریەتی، بەپێی تواناو هەڵکەوت و بۆلوانی، لە خزمەتی رەوتی مێژوویی نەتەوەی کورددا بێت.

١٤ - باوەرمان بە دەوڵەمەند کردن و پتەوکردنی لانی رۆحی‌و ئەخلاقی کۆمەڵگەکەمان هەیە، لەمەوە دژی «خوانەناسی»و «بەرەلایی»ن لە کۆمەڵگەکەماندا.

١٥ - پێویستە لەنگەری بەرانبەری بوون و ماف و خواست و پێویستی و بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ بگیرێت... تاک لە خزمەتی کۆمەڵدا دەبێت، وەکو بەشێکی زیندوو، کۆمەڵیش چوارچێوەی دروست و گونجاوی گەشەی تاکە.

١٦ - هەموو ئازادی‌و داواو مافە دیموکراسی‌و

مرۆڤایەتیەکانی کەمە نەتەوایەتی‌و مەزهەبی‌و ئاینی‌و ئەشینیەکانی نێو کوردستان دەسەلمێنین و بەشێکن لە ئازادی‌و مافەکانی نەتەوەی کورد،

هەموو تەسک کردنەوەو تەنگ پێ هەڵچنینێکی بەتاوان دەزانین بەرامبەر کوردایەتی‌و مرۆڤایەتی.

* * *

# شێوەکانی خەبات

١ - ئەگەرچی خەباتی چەکدارانەی جەماوەری بالاترین و تاکە دەرفەتی رەخساوی بەردەم خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەمانە تا ئەمڕۆ... بەلام خەباتی سیاسیو رۆشنبیریو راگەیاندن و فیکریو ئایدۆلۆژیو دیبلۆماسیو هەموو جۆرە چالاکییەکی دیکە دەبێت پالدەرو تەواوکەری ئەو خەباتە بن و هەموانیش برژێنە ئەستێلکی «رزگاریو سەربەخۆیو ئازادی» نەتەوەکەمانەوە.

٢ - سوود وەرگرتن لەهەر هەل و دەرفەتێ زەمینەی خەباتەکەمان خۆش تر بکات یان مەسەلەکەمان پێشتر بخات.

٣ - سەرەتای هەر رێگەیەکی شۆرشگێرانە بگیرێتە بەر بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکەریو چەوسانەوەی نەتەوەکەمان رەواو دروستە... هەر خارێکیش لەمپەر لەپێش مەسەلەکەماندا بنێتەوەو کێشەکەمان ئالۆز تر بکات نارەواو چەوتە.

٤ - پاراستنی رووی گەش و مرۆڤانەو شۆرشگێرانەی مەسەلەکەمان ئەرکی هەموانەو

دەبێت ڕێگە نەدرێت چەوت و چەپەڵە ڕێ تێکەڵ مەبەستەکانمان بێت.
٥ - لایەنی مرۆڤانەو ڕۆحیو ئەخلاقی مەسەلەی کورد جەوهەری خێر خوایانەی مەسەلەکەیەو دەبێت هەمیشە گەشەی پێ بدرێت.
٦ - هەر تاکتیکێ لە چوارچێوەو قەوارەی ستراتیژو گیانی ڕەوایەتیو مرۆڤانەی مەسەلەکەمان دەربچێت چەوت و ناپەسەندەو دەبێت بەری پێ بگیرێت.

★ ★ ★

# پێڕەوی نێوخۆ

## بەشی یەکەم

**مادەی یەکەم:**
**پێناسە:**

ناوی حیزب (پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان)ە بە بە (پاسوك) یش ناو دەبرێت. بالاترین رێکخستنی ریزەکانی نەتەوەی کوردە.

پاسوك لە (١١)ی ئەیلولی (١٩٧٥)دا وەك رەمزی بەردەوامێتی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول هاتوتە مەیدانی خەباتەوە. حیزبمان حیزبێکی نەتەوەیی، دیموکراسی ئازادیخوازنەی پێشکەوتو خوازە لە یەککرتنی خۆ ویستی هەموو ئەوانەی پاشە رۆژێکی سەر بەخۆو ئازادو سەرفرازو یەکسانیان بۆ نەتەوەی کورد دەوێ، بە جوتیارو کرێکارو رۆشنبیرو کاسبکارو رەنجدەرانی دیکە کوردستان، پێك هاتووە، کە بە بیروباوەری کوردایەتیو لەسەر بەرنامەو پرۆگرام و بەپێی پێرەوی ناو خۆو سیاسەت و تاکتیکی دیاری قەرار

دراو خەبات دەکەین...

پاسوك لەبەر رۆشنایی سوودو بەرژەوەندی رەوای نەتەوەی کوردو گیانی مرۆڤایەتیو بەبیری نەتەوایەتی کوردیو کەلەپوورو بیری خزمەتگوزارو پێشکەوتووی گونجاوی مرۆڤایەتی و رۆحی دادگەری ئاسمانی ستراتیژیەت و سیاسەت و ریبازی خەباتی خۆی دیاری دەکات.

پاسوك: واقعی ناپەسەندو نارەوای داگیرکردن و پارچە پارچەی کوردستان و ژێر دەستەیی نەتەوەی کورد بە توندی دەداتە دواوەو خەباتی بۆ هەڵتەکاندنی میراتی ئەو واقعە ئیستعماریە نارەوایەیە و خەبات دەکات بۆ کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو کۆمەڵگەیەکی بێ چەوساندنەوەو رووتاندنەوە.

خەباتی پاسوك بۆ دیاری کردنی ماف چارەنووسی نەتەوەی کوردە، لەسەر نیشتمانی مێژوو کردی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە هەموو رێگەو شێوازێکی لە باری خەبات دەگرێتە بەرو چی لە سوودو بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و گەیشتن بەو ئامانجە بێ ئەوە دەکات.

یەکێتی ریزەکانی نەتەوەی کوردو یەککرتنی هەموو

هێــزو تاقم و دەســتــەو حیــزبــە کوردستــانیی‌ـە شۆرشگێڕە دڵسۆزەکان بە بەردی بناغەی سەرکەوتن دەزانێ.

هاوکاری‌و یەکخستنی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتــەوەی کورد لەگــەڵ بزوتنــەوەی نیشتمــانی‌و دیمــوکــراسی‌و پێشکــەوتــووخــوازی گەلانی دنیــا بەگشتی و گەلانی دراوسێدا پشتگیری و هاریکاری لەگەڵ بزوتنەوەی گەلانی چەوساوەو ئازادیخوازی دنیاو هێزی ئاشتی و دیموکراتی و پێشکەوتوو بە مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو خەباتە دادەنێ.

گیــانی هەستی پەستی‌و خۆ لەبــیر چوونــەوەو کۆسمــۆپــۆلێتی و کەنــارگیری و خۆ دابڕان ریسوا دەکاو بە کۆسپی بەردەم کوردایەتی دەژمێرێ.

بوونی بیروبــاوەڕو ئایــدۆلۆژیــەتی جیا جیا لە چوارچێــوەی سوودی کوردایــەتی و کۆمــەڵگــەی کوردەواریدا بە دیاردەیەکی رەواو رەوان دەزانێ... بەو مەرجــەی لە خزمــەتی ئامانجە ستراتیژیەکانی کوردایەتیدا بێ بیری کوردی و خەباتی نەتەوایەتی کورد دەوڵەمەندو بەهرەدار دەکەن.

پاسوک بەشداری لە جەنگی پیرۆزی میللیدا بە ئەرك و شەرەف هەمــوو هاوولاتــیــەکــی کوردو

کوردستـانی دادەنێو هەر بەو پێوانەیەش شەرەفی هاووڵاتێتی دەپێوێ.

مافی نەتەوایەتی و دیموکراسیو کۆمەڵایەتیەکانی جەمـاوەری کورد بە وەحـدەیـەکی جیـا نەکراوەو دەست تێ وەرنــەدراو و موڵکێ ناو کۆی هەمــوو نەتــەوەی کورد دادەنــێ و کەس مافی دەسـت بەسـەراگرتن و بەرپێ گرتن و مامەڵەو سەودا پێوە کردنیانی نییە.

هاووڵاتــیـانــی کوردســتــان، بە کوردو کەمەنەتەوایەتیو ئاینیو مەزهەبیەکانیەوە چوون یەکـن لە ماف و ئەرکـی بەدیـهـێنـان و پاراستنی (سـەربــەخـۆیــی و ئازادی)یـان لەســەرەو مافی بەرابەریو یەکسانیشیان هەیە.

پاسـۆك دژی چەوسـانـەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیو زوڵمی کۆمەڵایەتی‌یە.

پاسۆك دژی داگیرکردن وزەوت کردن و رەگەز پەرستایەتیە.

پاسۆك باوەری بە ئاشتیو ئاسایش و پێوەندی بەرابەر و یەکسانی نێو گەلان هەیە.

پاسـۆك باوەری بە مافی نەتــەوایــەتــی و

کۆمەڵایەتیو دیموکراسی، هەموو تاك و کۆمەڵ و گەلێ هەیە

## مادەی دووەم

مەڵبەندو کەوشەنی چالاکی
مەڵبەندی حیزب شاری (کەرکوك)ی باشووری کوردستانە کەوشەنی چالاکی سەرتاسەری کوردستانەو کە رێکخراوی و لقیشی بۆ کوردی هەندەران دەکرێتەوە

## مادەی سێیەم:

ئەندامێتی:
هەر کوردێ بیەوێ و بە نووسین داوا بکاو هاوبیرێ پشتگیری بکاو بە قۆناغی ئامادەکردن و سێمانگ لایەنگیری و ماوەی شەش مانگ پالێوراویدا تێپەرێ دەبێتە ئەندامی حیزب، بەمەرجێ:
١ - تەمەنی لە هەژدە ساڵان کەمتر نەبێت.
٢ - رەوشت و رەفتارو ناوبانگ چاك بێت.
٣ - لەکەیەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی پێوە نەبێ.
٤ - باوەری بە بیروباوەرو سیاسەت و ئامانجی پاسوك بێ و (هێنابێ).
٥ - پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆو سیاسەتی حیزب

بسەلمێنێ و پێڕەو بکات.
٦ ـ بەو شێوەو ڕێگەی بۆی دیاری دەکرێ بەشداری خەبات و چالاکیەکانی حیزب بکات.

## مادەی چوارەم:

قۆنـاغی ئامـادەکـردن و ماوەی پالێوراوی هەر کوردێ مەرجەکانی ئەندامێتی حیزبی تێدا بێ و بۆ خۆی داوای شەرەفی ئەندامێتی حیزب بکات، دەبێ لیژنەیەکی حیزبی بۆی تاقی ببێتەوە کە شایانی و شایستەی ئەو شەرەفەیەو ماوەیەکیش کەلە ٣ مانگ کەمتـر نەبێت. بۆ لایـەنگـیری و شەش مانـگ بۆ پالێوراوی ئامادە دەکرێ بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستن.

## مادەی پێنجەم:
## (ئەرك و ڕەوشت)

١ ـ بیرو باوەڕ و سیاسەتی حیزب لە ڕەفتارو گفتارو هەڵس و کەوتیدا ڕەنگ پێ بداتەوەو بڵاو دەکاتەوە.
٢ ـ بە هەرچی لە دەستی دێ پارێزگاری بیروباوەڕو ڕێبازو سیاسەت و هاوبیرانی حیزبی بکات.
٣ ـ یەکێتی ڕیـزەکـانی حیـزب و بیروبـاوەڕی لە کەلکردن و لادان بپارێزێ.
٤ ـ هیچ ڕاستیەك لە حیزب نەشێوێنێ و

نەشارێتەوە.
٥ - نهێنیەکانی حیزب بپارێزێو دژی هەر رەفتارو کارو بیرێ بوەستێتەوە کە بەهەر شێوەو جۆرێ ریزەکانی حیزب و بیروباوەری تێکداو بەلادا بەرێ.
٦ - هەوڵی بەرز کردنەوەی ئاستی سیاسی و رۆشنبیری گشتی خۆیو هاوبیرانی بدات.
٧ - بێ ئاگاداریو رالەسەر بوونی پێشەکی حیزب پێوەندی بە هیچ حیزب و دەزگایەکی سیاسی و ئیدیەوە نەکات.
٨ - پەیوەندی راستەوخۆو ناراستەوخۆی بە هیچ بەرەو لاو دەزگایەکەوە نەبێت بێ ئاگاداری و رالەسەر بوونی حیزب.
٩ - لە هەموو حاڵەتێکدا بەرگری و پشتیوانی لە حیزب و بیروباوەرو هاوبیرانی بکات لە بەرامبەر دوژمنان و ناحەزان و گێرەشێوێنەندا.
١٠ - راست گۆو جوامێرو دەست و دەم و داوێن پاک بێ.
١١ - نەفس بەرزو سادە بێت لەنێوان کۆمەڵ و ریزەکانی حیزبدا.
١٢ - کورد پەروەرو مرۆڤ دۆست و دەروون پاک و بیر رووناک بێت.

١٣ - سوودو بەرژەوەندی حیزب و کۆمەڵ سەروی خۆخات

١٤ - بە چاکی (چاپوکیو دڵ گەرمی سیاسەتی حیزب) جێ بەجێ بکات

١٥ - بێ ئاگاداریو راوسەر بوونی پێشەکی حیزب بەشداری هیچ چالاکییەکی سیاسیو ئیدی نەکات.

١٦ - دژی رەفتارو کردارو بیری ناپەسەندو زیان بەخش بوەستێتەوە.

١٧ - هەرچی رەخنەو پێشنیارو داواو بەرچاو خستنێکی پێویست و بە کەڵکی دەرك پی کرد دەبێ بیخاتە بەر دەستی حیزب.

١٨ - بێ ئاگاداریو راوسەر بوونی حیزب دانەمەزریو کارو شوێنی گوزەران و پیشەکەی ناگۆرێ.

١٩ - پێڕەوی دەقاو دەقی راگەیاندن و ئامۆژگاریو بریارەکانی حیزب بکاو بریارو فرمانەکانی لیژنە باڵاکان بێ چەندو چوون جێ بەجێ بکات، پاشان ئەگەر رەخنەو پێشنیارێکی بوو بیخاتە بەر دەستی ئەو لیژنەیە.,

٢٠ - رای سەربەخۆو خۆ بەخۆ بە پێچەوانەی راو سیاسەتی حیزب دەرنەبرێت.

مادەی شەشەم:

## «مافەکانی ئەندامی حیزب»

هەموو ئەندامێکی حیزب ئەو مافانەی خوارێی هەیە:

١ ـ ماف هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردنی هەیە لە هەموو هەڵبژادنێکی گشتی حیزبی و بۆ هەموو پلەو دەزگاو دەسەڵاتداریەکانی حیزب.

٢ ـ بەرێو شوێنی ئسوڵی و حیزبی ماف دەربرینی هەموو پێشنیارو داواو راو بەرچاو خستنێکی هەیە بۆ هەر لیژنەو دەزگاو دەسەڵاتداریەکی حیزب، کە سوودو بەرژەوەندی حیزبی تێدا ببینێ و رەچاو بکات

٣ ـ ماف تاوتو کردن و مناقەشەی هەر فرمان و بڕیارێکی هەیە لەهەر دەسەڵاتێکی حیزبیەوە دەرچووبێت، بە مەرجی پێڕەو کردنی ئەرك و پێویستە کانی دیموکراسی ناوەندیو پاش جێ بەجێ کرنی بێ چەندو چونیان.

٤ ـ بەرێو شوێنی ئسوڵی و حیزبی ماف رەخنە گرتنی هەیە لەهەر بڕیارو شت و کەس و لیژنەو دەسەڵاتێك لە حیزبدا، بەمەرجی دیاری کردنی بەڵگەو لایەنی رەخنەکەو پەك نەخستنی ئەرکی سەرشانی

٥ ـ لە کاتێ پێویستدا، چ پێویستی ئاسایی یا بەهۆی ئەرك و کاری حیزبیەوە بێتە پێش، ماف داواکردنی هەر

یارمـەتیـەکی هەیـە، لەسەر دەزگاو دەسەڵاتدارییەکانی حیـزبیش پێویستە بەپێی تواناو گونجان بە دەنگیەوە بچن و دریغی نەکەن.

٦ ـ لە کاتی خۆشاردنەوەو گرتن و راونان و شەهید بووندا حیزب لەسەرییەتی تا ئەو پەری توانا یارمەتی خۆی و کەس و کاری بدات.

٧ ـ هەر ئەنـدامێـك دوور کەوتەوە یا دوور خرایەوە لە حیزب و بەهۆی پەیوەندی کۆنی بە حیزبەوە تووشی هەر گرتن و نەهـامـەتیەك هات، پێویستی بە یارمەتی بوو و داوای کرد دەبێ حیزب بەپێی توانا یارمەتی بدات.

٨ ـ لەهەر مەسەلەیەکدا لەگەڵ راو بریاری لیژنەو دەزگاو دەسەڵاتدارییەکانی حیزبدا رێ نەکەوت مافی ئەوەی هەیە رای خۆی بپارێزێو هەوڵی سەلماندنیشی بدات و بە هەل و رێو جێی ئسوڵی و حیزبی بەرزی کاتەوە بەمەرجێ لە سنـووری دیمـوکـراسی ناوەندی نەچێتە دەرێو پەکی ئەرکەکانی سەرشانی نەخات.

٩ ـ مافی ئەوەی هەیە دەنگی خۆی بگەیەنێتە (کۆنفرانس) و (کـۆنگـرێسی گشتی) و هەر لیژنەو دەزگاو دەسەڵاتدارییەکی حیزبی کە بیەوێ، داوای سەرەنجامیشی بکاتەوە.

١٠ ـ مافی واز هێنان و دوور کەوتنەوەی هەیە.

١١ ـ لە سنووری دەسەڵات و لێپرسراوی خۆیدا، بەپێی ڕێی‌و ڕەسمی حیزبی بۆی هەیە بەشداری لە ڕەنگ ڕشتن و دانان و جێ بەجێ کردنی سیاسەتی حیزبدا بکات.

١٢ ـ بۆی هەیە پلەو دەسەڵاتی حیزبی خۆی بپارێزێ ئەگەر بە هۆیەکی ناچاری‌و لە دەسەڵات بە دەری خۆی بۆ ماوەیەك لە حیزب پسا یا دوور کەوتەوە... وەك لە حاڵەتی ڕاونان و خۆشاردنەوەو بەدەرنان و گرتن و ئیدیدا، بەمەرجێ لەیەکەم فرسەتدا پەیوەندی بکاتەوەو مەسەلەو هۆکەی ڕوون بکاتەوە.

١٣ ـ مافی داواکردنی بژاردنی هەر زیانێکی مەعنەوی و ئەدەبی و مادی هەیە کە بە هۆی کردارێکی نا دروست یا بڕیارێکی نارەواو هەڵوەشاندنەوە لێی کەوتبێ.

١٤ ـ مافی لەسەر خۆ کردنەوەو ئابرو پاراستن وئیعتبار ڕاگرتنی هەیە.

★ ★ ★

## مادەی حەوتەم:

### «پەیوەندی پسان و وازهێنان»

١ - هەر هاوبیرێ بێ پۆزشێکی بەجێو سەلماو سێ مانگ بەسەر یەکەوە پەیوەندی بەحیزبەوە بپسێنێ یا ئابوونە نەدات بە (وازهێنان)ی بۆ دادەنرێو بریاری وەدەرنانی دەدرێ.

٢ - هەموو هاوبیرێ بۆی هەیە بە نوسین داوای وازهێنان بکات.

٣ - هەر هاوبیرێکی سەرکردایەتی حیزب کەوازی هێنا، یا دەستی کێشرایەوە، یا لە حیزب وەردەرنرا دەبێ تایەك ساڵ رازو نهێنیەکانی حیزب بە هەموو شێوەو جۆرێ لەگەڵ شەرەفوژیانیدا بپارێزێ وە بە پێچەوانەوە سزا دەدردێت.

٤ - هەموو هاوبیرێ لە سەریەتی کە پاش پسان و وازهێنان یا وەدەرنان نهێنیەکانی حیزب بپارێزێ بەهیچ کلۆجێك بۆ هیچ مەبەستێك بە کاریان نەهێنێ. بەپێچەوانەشەوە خۆی دەخاتە بەر باری سزای حیزب.

٥ - هەر هاوبیرێ وازبهێنێ ماف ئەوەی هەیە داوای گەرانەوە بکات، ئەگەر داواکەی پەسەندکرا تایەك ساڵ شەرەف ئەندامێتی نادرێتەوە.

٦ ـ هەر هاوبیرێکی سەرکردایەتی حیزب وازبێنێ و بگەرێتەوە تاسێ ساڵان بۆی نییە بچێتەوە سەرکردایەتی حیزب.
٧ ـ لە پاش دوو جاران وازهێنان کەس لە ریزەکانی حیزبدا وەرناگیرێتەوە بە بریاری (٣ لەسەر٤)ی دەنگی بەشدارانی کۆنگریسی گشتی نەبێت.

مادەی هەشتەم:

## «سزاو سزادان»

١ ـ سزا شێوازو رێگەیەکی ناچاری‌و پەیویستە پاش ئەوەی رێنمایی‌وئامۆژگاری‌و ئاگاداری‌و بەرچاوخستنی‌و رەخنەی هاوبیرانە دادی نادات، بۆ پاراستنی ریزەکانی حیزب و مانەوەو پتەوی دیسپلینی‌بەردەوام بوونی کارو چالاکی حیزبی بەشێوەی ئسوڵی‌و لەبەر پتەوی ریزەکانی حیزب و بیروباوەرو رێبازو سیاسەتەکەی لەهەر لادان و سستی‌و کەل تێ کەوتنێ، راهێنان و هەم پالاوتن و سنوور بۆ دانانی هەیە سزا سەرەتاییەکان پتر بۆ پەروەردەو راهێنان و راست کردنەوەیەو سزا قورسەکان بۆ پالاوتن‌و تەمبێ‌و سنوور بۆ دانانە.
أ ـ ئەو هەڵەو سەرپێچی‌و لادان و تاوانانەی سزایان لەسەرە:

١ ـ بەرێك و پێكی ئامادەی كۆبوونەوە نەبێت و ئابوونە نەدات.
٢ ـ سستی‌و كەم تەرخەمی بكات لە جێبەجێ كردنی ئەركەكانی سەرشانی.
٣ ـ لە خۆیەوە رای شەخسی دەربڕێت.
٤ ـ گلەیی‌و لۆمەی رەوای كۆمەڵ و ریزەكانی حیزبی بێتە مل، بەمەرجێ حیزب پێی نەكردبێ.
٥ ـ بیروڕای خۆكردو سەربەخۆ، بەپێچەوانەو دژی سیاسەت بەرژەوەندی حیزب، بلاو بكاتەوە.
٦ ـ راستی بشێوێنێ‌و لەحیزبی بشارێتەوە.
٧ ـ سەرپێچی لە فرمان و جێبەجێ كردنی بڕیارەكانی حیزب دا بكات.
٨ ـ سوكایەتی بە حیزب و بڕیارو هاو بیرەكانی بكات.
٩ ـ یەكێ یا پتر لەمەرجەكانی ئەندامێی نەمێنێ.
١٠ ـ دەست پیسی‌وردوشت نزمی لێ دەركەوێت.
١١ ـ بێ ئاگاداری‌و را لەسەر بوونی پێشەكی حیزب ببێتە ئەندامی كۆڕو كۆمەلێكی سیاسی یا بەشداری چالاكی‌یەكی سیاسی و ئیدی بكات.
١٢ ـ نهێنییەكانی حیزب بدركێنێ‌و كەرەسەو مومتەلەكاتی بفەوتێنێ.
١٣ ـ بێ را لە سەر بوونی حیزب، بەرائەت و

ئیعتراف بۆ دوژمنانی کوردو حیزب بکات.
١٤ ـ حیزب و دەسەلاتی حیزبی بەهەر شێوەو جۆرێ بۆ سوودی نارەواو شەخسی خۆی بەکاربهێنێ.
١٥ ـ هەوڵی تێکدانی ریزەکانی حیزب بدات و دەستەو کۆمەڵ بازی بکات.
١٦ ـ پاش پەیوەندی پسان و وازهێنان یا دەرکردن، نهێنیو تایبەتکاریەکانی حیزب بدرکێنێو ئەمەش زیان بە بوون و حیزب و هاوبیرانی بگەیەنێ.
١٧ ـ ببێتە ئەندامی دەزگایەکی سیخوری و ئەمنی و بێگانەو دوژمنانی کوردو حیزب. بەمەرجێ حیزب رێی پێنەدابێ.
١٨ ـ نابێت زیانی گیانی بە هاوبیرێ یا پتری حیزب بگەیەنێ.

ب ـ مادەکانی سزادان
١ ـ خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) ی برگەی(أ)ی ئەم مادەیە سزادانی (ووریا کردنەوەو سەرزەنشت)ی لەسەرە.
٢ ـ خاڵەکانی (٩،٨،٧،٦،٥)ی برگەی(أ)ی ئەم مادەیەو سێبارە بووونەوەی سزادانی خاڵی یەکەمی ئەم برگەیە سزادانی (دوور خستنەوەیکاتیو دوور خستنەوەی یەکجاری) لەسەرە.

٣ - تاوانەكانی (١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥)ی برگەی (أ)ی ئەم مادەیە سێبارە بوونەوەی سزاكانی خاڵی(٢)ی ئەم برگەیە سزادانی (دەركردنی) لەسەرە.
٤ - تاوانوناپاكیەكانی خاڵی (١٦،١٧،١٨،)ی برگەی (أ)ی ئەم مادەیە سزادانی (مۆری ناپاكی) لەسەرە.

ج - دەسەڵاتداریەكانی سزادەر:

١ - سزاكانی خاڵی (١،٢)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە لە دەسەڵاتی هەر لیژنەو دەسەڵاتداریەكی سەروو سزا دراوە كە دایە.

٢- سزاكانی خاڵی(٣)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە لە دەسەڵاتی سەركردایەتی مەڵبەند دایە، جگە لە ئەندامانی خۆی كە لە دەسەڵاتی سەركردایەتی حیزبدایە.

٣ - سزاكانی خاڵی (٤)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە لە دەسەڵاتی سەركردایەتی حیزبدایەو بریارەكە دەبێ (٤) لەسەر (٥)ی ئەندامانی بیسەلمێنن، جگە لە ئەندامانی خۆی.

٤ - بۆ سزاكانی خاڵی (١،٢)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە بەسەر ئەندامانی سەركردایەتیدا پێویستی بە زۆربەی ئاسایی (نیوەی دەنگەكان + یەك دەنگ) هەیە.

٥ - بۆ سزاکانی خاڵی (٣)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتی دا دەبێ بە زۆربەی (٤) لەسەر (٥)ی دەنگی ئەندامانی بێت و کۆنگریسی گشتی بە ٣ لەسەر٤ی دەنگ بیسەلمێنێ.

٦ - بۆ سزای خاڵی (٤)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتی دەبێ رای (٤) لەسەر(٥)ی دەنگیکۆنگریسی گشتی ئاسایی لەسەر بێ.

٧ - سزاکانی خاڵی (٣)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە بەسەر سکرتێری گشتی حیزبدا تەنیا لە دەسەڵاتی کۆنگریسی گشتی ئاسایی‌یەو بریارەکەش بە (٢) لەسەر (٣)ی دەنگی بەشدارانی کۆنگریس دەچەسپێ.

٨ - سزاکانی خاڵی (٤)ی برگەی (ب)ی ئەم مادەیە بەسەر سکرتێری گشتی حیزبدا تەنیا لە دەسەڵاتی کۆنگریسی گشتی ئاسایی‌یەو بریارەکەش بە (٤) لەسەر (٥)ی دەنگی بەشدارانی کۆنگریس دەچەسپێ.

رێو ئسولی سزادان.

١ - بریاری سزادان دەبێ پاش دەستکەوتنی بەڵگەو گەیشتنە قەناعەت بدرێت.

٢ - سزادەرەکان سوێند دەدرێن کە هیچ شتێکی

تایبەتی و شەخسی تێکەڵی بڕیارەکەیان نەکەن.
٣ - گومان بەلای تاوانباردا دەشکێتەوە.
٤ - دەبێ هەل و دەرفەتی تەواو دیموکراسیانە بدرێتە تاوانبار تا بەرگری لەخۆی بکات.
٥ - سزادراو بۆی هەیە تا دووجار داوای چاو خشاندنەوە بکات بە بڕیاری سزاکەی لەهەر لیژنەو دەزگاو دەسەڵاتێکی بیەوێ.
٦ - دەبێ هەموو خەسارەتێکی مەعنەوی و ئەدەبێ و مادی بۆ سزادارو ببژێردرێت ئەگەر بڕیاری سزاکە هەڵوەشایەوەو سەرکردایەتی حیزبیش رای لەسەر بوو.
٧ - تاك دەسەڵاتی سزادانی نییە، دەبێ بڕیاری سزادان لە لیژنەو دەزگاو دەسەڵاتداریەکی سەرو سزادراوەکە بدرێ.
٨ - دەبێ بڕیاری سزاکەو هۆکەی بەسزا دراو بگەیەنرێ.
٩ - بۆ سزای (مۆری ناپاکی) سەرکردایەتی حیزب بە (٣) لەسەر (٤)ی دەنگ جۆری سزادانەکەی دیاری دەکات و بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی کۆنگریسی گشتی بە (٤) لەسەر (٥)ی دەنگ جۆری سزادانەکەی دیاری دەکات.

## مادەی نۆیەم.

### (چێوەی «هەیکەل» ڕێکخستن)

**١ ـ شانەو بنکەی حیزب:**

**(ا)**شانە بنکەی بنەڕەتیو فراوانی حیزبە کە حیزب خۆی لەسەر گرتووەو لەرێی ئەوەوە دەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوەو خوێنی تازەو بەردەوامی تێ بگەرێ و بە جەماوەرەوە بنوسێو لێوەی داواو خواستەکانی جەماوەری دەگاتێو لەبیرو بەرنامەو ڕێبازو سیاسەتیدا رەنگ دەداتەوەو تیشکیشی پێ دەداتەوە ناویان هەر ئەویش کەرەسەو بنەمای بنەڕەتی جێ بەجێ کردنی ئەرك و بەرنامەو سیاسەتەکانی حزب و بەدیهێنانی ئامانجەکانێتی .

١ ـ بە بریاری لیژنە یا دەسەڵاتداریەکی حیزبی پێك دێ لە(٣ تاە) ئەندام دەبێت جگە لە ڕێکخەریان

٢ ـ لەتەك ئەو ئەرکانەی لیژنەو دەسەڵاتداریەکانی سەروو خۆیان بۆیان دیاری دەکەن هەموو ئەرك و پێویستیەکانی مادەی پێنجەمی ئەم پێڕەوە جێبەجێ دەکەن

٣ ـ بەلانی کەمەوە مانگی چوار جاران کۆ دەبنەوە، جگە لەو حاڵەتانەی حیزب ئاڵوگۆری تێدا دەکات.

٤ ـ لە سنووری دەسەڵاتیاندا بەشداری دانان و

بەڕێوەبردن و جێ بەجێ کردنی بەرنامەو سیاسەت و پلانەکانی حیزب دەکەن بە لێکۆڵینەوەو دوان و هەڵسەنگاندن و تاوتوو کردنیان و بەرچاوخستنی هەر پێشنیارو داواو پێویستیەك کە سوودو بەرژەوەندی حیزبی تێدا بەدی کەن و بەرزکردنەوەی خواست و داواکاریەکانی جەماوەر و ڕەنگ پێدانەوەو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو سیاسەتی حیزب لە نێویاندا.

٥ - ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی تایبەتی مانگانە لەمەر سەرجەم چالاکیو ڕووداو و دەنگ و باس و پێشنیارو داواو ڕەخنەکانیان بەرز دەکەنەوە.

٦ - هاوبیران بۆ حیزب دەست نیشان و گەڵاڵەو ئامادەو پەروەردە دەکەن و پێشنیاری هاتنە ریزەوەیان بەرز دەکەنەوە.

٧ - هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فیکریو سیاسی خۆیان دەدەن و بەرنامەی خۆبەخۆ بە کۆمەڵ بۆ ئەم مەبەستە دادەنێن.

٨ - خۆ فێری ڕێو ڕەسم و ئسوڵ و داب و نەزمی دروست و شۆڕشگێڕانەی حیزبایەتی دەکەن و لە هەموو کردار و گفتارو ڕەفتارێکیاندا ڕەنگی پێ دەدەنەوە. بەگیانی هاوکاری و برایەتیو هاوبیرانەو هۆشیاری کوردایەتیو ئینسانیو دیموکراتیو

شۆرشگێری خۆ رادێنن و رەفتار دەکەن.
٩ ـ دژی تاقم تاقمێنەو خاترانەو هەر ناجوامێریەکی دیکە دەوەستنەوەو خۆ بەگیانی ئازایەتی ئەدەبیو شەرەف و کوردایەتی پەروەردەدەکەن.
١٠ ـ دیسپلین و گوێ رایەڵی لە نێو هاوبیراندا پتەو دەکەن
ب ـ لیژنە:
شانەیەکی سەرەکی رێکخستنە کە لە کاتی پێویستیدا لیژنەی ناوچەو دەستەڵاتداریەکانی سەرووتر دایدەنێن بۆ بەرێوەبردن و سەرپەرشتی چالاکی و رێکخستنی چەند شانەیەك. لە(٣ تا ٧) ئەندام پێك دێت.
ج ـ رێکخراو :
لیژنەیەکی بەرێوەبەرایەتی رێکخستنە لە شارۆچکەو گەرەك و گوند یا ناوچەیەکدا لیژنەی ناوچە پاش را لەسەر بوونی سەرکردایەتی لق دایدەنێ، ئەرك و سنوری دەسەڵاتیشی دیاری دەکات. لە(٣تا٧) ئەندام پێك دێت
د ـ لیژنەی ناوچە
رێکخراوێکی باڵاو رابەرییە کەبەر پرسیارو سەرپەرشتی رێکخراو و چالاکییەکانی حیزبە

لەناوچەو سنوری دیاریدا.
١ ـ لە(٣تا ٧) ئەندام پێك دێت، ئەندامێكی سەركردایەتی مەڵبەند بەر پرسیاریان دەبێت.
٢ ـ ئەندامانی لیژنەی ناوچە دەبێ بەلانی كەمەوە ساڵێك بەسەر ئەندامێتیاندا تێپەر بووبێ‌و لەو ماوەیەدا هیچ سزایەك نەدرابێ.
٣ ـ كارگێڕیەكی ناوچەیان دەبێ كە لە(٣) ئەندام پێك دێت، كە راپەڕاندنی كارو بارو چالاكی‌و بریارەكانیان لە ئەستۆدا دەبێت.
٤ ـ مەگەر لە نەبوون و ناچاریدا، ئەگینا دەبێ بەرپرسیاری لیژنەی ناوچە، یا یەك لە ئەندامانی كارگێر(متفرغ) بێت.
٥ ـ بەلانی كەمەوە مانگی دوو جاران كۆدەبنەوە، بەسەر جەم ئەركەكانیاندا رادەگەن و لەبریارەكانی رابوردویان دەكۆڵنەوە و پیادەچنەوەو رێكخستنەكە بەسەر دەكەنەوەو پلان و نەخشەو رێ‌و شوێنی گونجاوو دروست بۆ فرمان و بریارەكانی سەرو خۆیان و ئەركەكانیان دادەنێن.
٦ ـ پاش را لەسەر بوونی سەركردایەتی مەڵبەند دەسەڵاتی دەركردنی پەخش و بڵاوكراوەی سیاسی‌و رۆشنبیریان هەیە، بەمەرجی رای سەركردایەتی لق

لەسەردەق و ناوەرۆکیان بەرچاو گیرابێ.

٧ - لە حاڵەتی ناچاریو بارو هەل و مەرجێکی نائاسایی کە بپچڕێن یا دەنگیان نەگاتە سەرووی خۆیان لەسەر چالاکیو جموجوڵی ئاسایی خۆیان بەردەوام دەبن و بەپێی زۆربەی دەنگ بەمەرجێ لەرێو رێبازی سیاسەتی حیزب دەرنەچن و دەتوانن هەر هەنگاوێ بەپێویستی بزانن بینێن.

هـ - سەرکردایەتی/مەڵبەند

رێکخراوێکی دەسەڵاتدارو رابەرییە کە سەرکردایەتی حزب سنوری ناوچەی چالاکیو دەسەڵاتی دیاری دەکات... لەو سنورەدا بەر پرس و بەرێوەبەری سەرجەم چالاکیو جموجوڵی حیزبی دەبێت

١ - لە (٣تا٩) ئەندام پێك دێت، سەرکردایەتی حیزب بەپرسیاریان بۆ دیاری دەکات.

٢ - ئەندامانی دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵان بەسەر ئەندامێتیاندا لە حیزبدا تێپەر بووبێ.

٣ - تەمەنی ئەندامانی نابێ لە(٢٥) ساڵان کەمتر بێت.

٤ - کارگێری بەرێوەبەرایەتیان لە (٣تا٥) ئەندام پێك دێت، کە دەبێ بەلانی کەمەوە یەك لە

ئەندامانی(متفرغ)بێت بۆ کاری حزب

٥ ـ هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی مەڵبەند ئەندامی کۆنفراس و کۆنگریسیگشتی دەبن.

٦ ـ هەر بریارێکی زۆربەی سادە بە بەرپرسیارەوە یا ٢/٣ی ئەندامانی رایان لەسەر نەبێ ناچەسپێ رای زۆربەی سادە بێ بەرپرسیار بۆ سەرکردایەتی بەرز دەکرێتەوە و رای ئەوان دەچەسپێ.

٧ ـ پاش را لەسەر بوونی سەرکردایەتی، دەتوانن هەر دەزگاو لیژنەیەك بەپێویست بزانن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرك و کارەکانیان و بۆ راپەراندنی چالاکی و پێویستیەکانیان دروست بکەن.

٨ ـ لە سنووری سیاسەت و رارەوی بیرو رێبازی حیزبدا دەسەلاتی دەرکردن و بلاوکردنەوەی بەیان و گوڤارو بلاوکراوەی سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەلایەتی و ئەدەبیان هەیە.

٩ ـ لەبارو هەل و مەرجی نائاساییو کتوپریدا کە دەنگیان لە سەرکردایەتی حیزب بپسێ دەبێ رۆلی سەرکردایەتی حیزب. ببینن.

## مادەی دەیەم

### ا ـ دەزگا رابەرایەتی یەکانی حیزب

### گۆنگرێسی گشتی:

بالاترین دەزگاو گەورەترین دەسەلاتە لە حیزب دا. هەر(۳) سالان جارێ لەسەر داوای سەرکردایەتی دەبەسترێ، مەگەر پێشهاتێکی ناهەموار بێتە پێش یا کۆسپی لە دەسەلات بەدەربێتە رێ پێویستیەکی گرنگ وابخوازێ ئەوسا سەرکردایەتی بە زۆربەی ٤/٥ی دەنگ دەتوانن یەك سال دوای خەن.. نابێ لە هیچ حالەتێکدا لەو ماوەیە تێپەرێ

بـ ـ ئەندامانی گۆنکرێسی گشتی بریتی دەبن لە

١ ـ هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی.

٢ ـ هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی مەلبەندەکان.

٣ ـ هەموو ئەندامانی لیژنەی ناوچەکان.

٤ ـ هەموو ئەندامانی ئەو دەزگاو لیژنانەی مەکتەبی سیاسی بەرێومیان دەبات.

٥ ـ نوێنەرانی هەلبژێردراو، کە سەرکردایەتی شێوەو جۆری هەلبژاردنەکەیان دیاری دەکات.

٦ ـ هەر هاوبیرێ کە سەرکردایەتی بەشدار بوونی

بەپێویست بزانێ، مافی دەنگدانیشی هەیە.
جـ ـ کارو ئەرکەکانی کۆنگرێسی گشتی:
١ ـ گوێ گرتن و لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکانی سەرکردایەتی.
٢ ـ باس و لێ توێژینەوەو هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەرجەم جموجۆڵ کاروبارو چالاکیو سیاسەتی حیزب لە نێوان دوو کۆنگریسدا.
٣ ـ سەرنج دان و لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەهەر سکالاو داواو پێشنیارو بەرچاو خستنێکی هاوبیران.
٤ ـ هەڵسەنگاندنی کاروبارو چالاکیەکانی سەرکردایەتیو ئەرکەکانی ئەندامانی.
٥ ـ بڕیاردان و چەسپاندنی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزب.
٦ ـ بڕیاردان لەسەر هەر گۆران و گۆرانکاریو دانانێك پێویستی کاری حیزبی پێویست بکات.
٧ ـ لێکۆڵینەوەو دانانی بەرنامەو نەخشەو سیاسەتی گشتی حیزب.
٨ ـ هەڵبژاردنی کارگێری کۆنگرێسی گشتی، بۆ ئەو ماوەیەی کۆنگرێسی تێدادەگیرێ، بۆ بەرێوەبردن و ڕێکخستنی کارو ئەرکەکانی کۆنگریس.
٩ ـ هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی.
١٠ ـ هەمووەدەنگ دان و هەڵبژاردنێك لە کۆنگرێسی

گشتی‌یدا نهێنی‌و ڕاسته‌وخۆ ده‌بێت.
١١ - هه‌موو ئه‌ندامانی به‌شداری کۆنگرێسی گشتی پارێـزراون و له‌ هیـچ ڕاو ڕه‌فتـارو گفتـارێکیـان ناپـرسرێنـه‌وه‌ مه‌گه‌ر٤/٥ی ئه‌ندامانی کۆنگره‌ ئه‌و پارێـزراویـه‌یـان له‌سـه‌ر لابه‌ن و ئه‌و ساش ته‌نها کۆنگـرێسی گشتی به‌ زۆربـه‌ی ٤/٥ی ده‌نگـه‌کـان ده‌توانێ بریاری له‌سه‌ر بده‌ن.
١٢ - ڕاله‌سه‌ر دانی ئه‌وانه‌ی به‌پێی یاسای سزادانی ماده‌ی هه‌شته‌می ئه‌م پێڕه‌وی نێوخۆیه‌ سزا دراون
ء - ده‌سه‌ڵاته‌کانی کۆنگرێسی گشتی:
١ - هه‌موو ده‌سه‌ڵاتێکی دانان و جێبه‌جێ کردنی هه‌یه‌.
٢ - ده‌سه‌ڵاتی گۆرینی شێوه‌ی ڕێکخستن و شێوازی خه‌بات و چالاکی حیزبی هه‌یه‌.
٣ - ده‌سـه‌ڵاتی گۆرینی(نـاوو سـتـراتیـژیـه‌ت و سیاسه‌ت و ڕێبازی) حیزبی هه‌یه‌.
٤ - ده‌سـه‌ڵاتی ڕاگـرتنی چالاکی‌و تێکـه‌ڵاوبوون و هێنانه‌ ناوه‌وه‌ی هه‌یه‌.
٥ - ده‌سه‌ڵاتی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌و گۆڕان و ده‌سکاری هه‌ر بریـارێـکی هه‌یـه‌ له‌هـه‌ر لیـژنـه‌و ده‌زگـاو ده‌سه‌ڵاتداریه‌کی حیزبیه‌وه‌ درابێت.

٦ ـ تەنیا کۆنگریسی گشتی ماف و دەسەڵاتی دیاری کردنی چارەنووسی حیزبی هەیە، هەر بریارێك لەم بارەیەوە بدرێت پێویستی بە ٥/٤ی دەنگی ئەندامانی کۆنگرێس و را لەسەر بوونی ٧٠٪ ی گشت پرسێکی هەموو ئەندامانی حیزب هەیە.

٧ ـ هەموو بریارێکی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتدارێتی پێویستی بەلانی کەمەوە بە زۆربەی ٣/٤ی دەنگی ئەندامانی هەیە، مەگەر دەقێکی دیاری دیکە هەبێت.

مادەی یازدەهەم

## «سەرکردایەتی گشتی»

أ ـ گەورەترین دەسەڵاتە لە حیزبدا، لە نێوان دوو کۆنگرێسی گشتیدا، رابەرایەتی گشت، جموجوڵ و چالاکیەکانی حیزب دەکات و تەنیا لەبەرامبەر کۆنگرێسی گشتیدا بەر پرسیارە.

١ ـ ئەندامانی بەدەنگدانی نهێنیو راستەوخۆ لە کۆنگریسی گشتیدا هەڵدەبژێردرێن.

٢ ـ لە(٣تا١١) ئەندام دەبێت و دوو احتیاطی دەبێت.

٣ - نابێ تەمەنی ئەندامانی لە(٣٠) ساڵان کەمتر بێت.

٤ - ئەندامانی دەبێ بەلانی کەمەوە سێساڵان بەسەر ئەندامیتیاندا لەحیزبدا تێپەڕ بووبێ.

٥ - نابێ ئەندامانی لەهیچ دەزگایەکی ئەمنی بێگانەدا بووبێ یا ئەندامی حیزب و دەستەیەکی شوّفێنی داگیرکەرو دژ بەکورد بووبن، یابێ را لەسەر بوونی حیزب بەهیچ شێومو جۆرێ ئیعتراف و بەرائەتیان بۆ دوژمن کردبێ.

ب - ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١ - بەلانی کەمەوە سێمانگان جارێ کۆدەبێتەوەو دەبێ ٢/٣ی ئەندامانی بەشداربن، مەگەر بەربەستێکی لە دەسەڵات بەدەر بێتە پێشێ ئەوسا بە نیوەی ئەندامانی پێك دێت.

٢ - هیچ کۆبوونەومیەکی بێ سکرتێری گشتی، یا ئەندامێکی سەرکردایەتی کە سکرتێری گشتی دیاری دەکات، پێك نایەت

٣ - ڕاکانیو بڕیارەکانی بە زۆربەی سادە پێك

دێت ئەگـــەر ڕای سکـــرتـــێری گشتی لە تەك دابێت، بێ ڕای سکرتێری گشتی دەبێ ٢/٣ی دەنگی لەگەڵ بێ.

٤ ـ بە زۆربـــەی ٤/٥ی دەنـــگ دەتـــوانێ سکـــرتێری گشتیو ٣/٤ی دەنگ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بگۆڕێ یا دەستکاری بکات.

٥ ـ دەزگـــاو لیژنەی تایبەتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبیەکان دادەنێ.

٦ ـ سیـــاســـەتـــی دەرەوەی حیـــزب و پەیـــوەنـــدیـــەکـــانی دەرەوە ڕەنـــگ دەڕێژیو چاوەدێریو ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی دەکات.

٧ ـ دەزگای چاپەمەنیو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆقـــارە ناوەنـــدیـــەکـــانی حیـــزب دادەنێو سەرپەرشتیو چاودێریان دەکات.

٨ ـ بۆ پێگەیاندن و گۆش کردنی هاوبیران و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتیو کەلەپوورو ئینسانی پێشکەوتوو و ئازادیو دیموکراسیو یەکســـانیو بەرزکـــردنەوەی ئاستی فیکریو

رۆشنبیری و ئاگای سیاسی و گشتی بەرنامەو نەخشەی گونجاو دادەنێ.

٩ - بۆ پتر پتەوی ریزەکانی حیزب و دروست کردنی یەکێتی بیروکاری شێوازی حیزبی و راپەراندنی ئەرك و کارە حیزبیەکان رێنمایی و فەرمانی بەردەوام بۆ هەموو لیژنەو دەزگاو دەسەلاتداریەکانی حیزب دەردەکاو لە ئەنجامدانیان دەپرسێتەوەو بەسەریان دەکاتەوە.

١٠ - پارێزگاری بوون و یەکێتی ریزەکانی حیزب و جێبەجێ کردنی بریارو فرمانەکانی دەکات و بەرەنگاری هەر جۆرە لادان و تێکدان و شێواندنێك دەبێتەوە.

١١ - دەتوانێ هەر کارو بریارێك هەڵوەشێنێتەوە کە لە لیژنەو دەزگاو دەسەلاتداریەکانی خوارخۆیەوە دەردەچێت.

١٢ - دەتوانێ لەسەر داوای ٤/٥ی ئەندامانی چالاکی حیزب رابگرێ، بە مەرجێ نەگاتە دوە مانگ کۆنگرێسی گشتی بگرێت

١٣ ـ لەسەر رای ٤/٥ی ئەندامانی خۆی با داوای ئەندامانی (سەرکردایەتی مەڵبەنەکان) و(لیژنەی ناوچەکان) کۆنگریسی گشتی ناچاری دەگرێت.

١٤ ـ هەر ئەندامێکی کارێک بکات شایانی سزاکانی خاڵەکانی(٣،٤)ی برگەی (ب)ی مادەی هەشتەم بێ بە زۆربەی ٤/٥ی ئەندامانی لە سەرکردایەتی دوور دەخرێتەوەو دەخرێتە بەر چاوی کۆنگریسی گشتی بۆ بریار لەسەر دانی.

مادەی دوازدەیەم

أ ـ مەکتەبی سیاسی

أ) دەزگای بەرێوەبەرێتی و کارگێری و سەرکردایەتی‌یە لە نێوان دوو کۆنگرەدا لە سەرکردایەتی‌دا بەرپرسیاری راپەرینی سەرجەم ئەرك و کارەکانێیەتی و سەرپەرشتی‌کەرو رابەرایەتی حیزب دەکات لە هەر کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی‌دا رادەوەستێ و راپۆرتی خۆی دەدات.

٢ - له یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دا پاش کۆنگریسی گشتی بە زۆربەی ٢/٣ی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن، ئەگەر ئەو زۆربەیە بەدەست نەهات بە زۆربەی سادەو را لەسەر بوونی زۆربەی ئاسایی کۆنگرێسی گشتی پێك دێت.

٣ - مەکتەبی سیاسی لە سکرتێری گشتی و چوار ئەندام پێك دێت.

٤ - هەموو بریارێکی بە زۆربەی دەنگ دەبێ و لانی سکرتێری گشتی، لە حاڵەتی بەرانبەردا وەردەگیرێ.

٥ - هەر زۆربەیە، جگە لە زۆربەی ٣/٤ سکرتێری گشتی لەتەك نەبێ بریاری پێ نادرێت.

٦ - مەکتەبی سیاسی بەپێی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەو حیزب بۆی هەیە لەتەك هەر حیزب و لایەنێکدا گفتوگۆ بکات بۆ رێکەوتن و یەك بوون، راپۆرتی لەم بارەیەوە ئامادە دەکات بۆ را لە سەردانی لە کونگرێس یان

کۆبونەوەیەکی فراوان.

ب ـ سکرتێری گشتی حیزب

بەرپرسیاری یەکەمە لە حیزبداو رابەری سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی دەکات.

١ ـ لە یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتی گشتیدا بە زۆربەی ٢/٣ی دەنگ هەڵدەبژێردرێت و دەبێ زۆربەی ٢/٣ی کۆنگریسی گشتی رایان لەسەر بێ. ئەگەر ئەو زۆربەیە بەدەست نەهات بە زۆربەی سادەی هەردویان هەڵدەبژێردرێت.

٢ ـ رابەرایەتی کۆبونەوەو چالاکیەکانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی بە ئاگاداریو چاودێری و ئیمزای ئەو دەبێت.

٣ ـ مافی رەت کردنەوەی هەر بریارێکی هەیە کە ٢/٣ی سەرکردایەتی یا ٣/٤ی مەکتەبی سیاسی لەسەر نەبێت.

٤ ـ هەر راو بریارێك سکرتێری گشتی لەگەڵ نەبێت ناچەسپێ، مەگەر دەقێکی بەسودو تایبەتی حیزبی تێدا بێت.

٥ - دەبێ ئاگـاداری هەمـوو کاروبـارێکی سیـاسی‌و رێـکـخـەری‌و دارایـی‌و گشـت چالاکـی‌یـەکی حیـزب بێ‌و بەپێی پێڕەوی ناوخـۆو را لەسـەربـوونی ۲/۳ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەبێت.
٦ - بۆ جێبـەجێ کردن و راپـەرانـدنی ئەو ئەرکانەی دەتوانێ ئەندامێکی سەرکردایەتی یان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی راسپێرێ.
٧ - تەنیـا لە بەرامبـەر سەرکـردایـەتی و کۆنگرێسی گشتی حیزبدا بەرپرسیارە.

مادەی سیازدەیەم :

« دارایی »

أ) دارایی حیزب بریتیە لە:
١ - ئابونەی ئەندامان و دۆستانی حیزب.
٢ - نرخی چاپەمەنی‌و بلاوکراوەکانی حیزب.
٣ - پیتـاك و باربوو و دەسکەوتی تایبەتی دەرەوەو ناوەوە.

ب) خەرج و مەسرەف.
١ - هەمـوو خەرج و مەسرەفـێك دەبـێ

بەشێوەی گونجاو و لەبار بێت.
٢ - سەرکردایەتی ڕێی‌و شوێنی سەرف دادەنێ‌و دیاری دەکات.
٣ - دەبێت سەرکردایەتی ئاگاداری هەموو سەرف و خەرجی‌یەك بێت.
٤ - سەرفی تایبەتی بە ئاگاداری‌و چاودێری سکرتێری گشتی حیزب دەبێت.

مادەی چواردەیەم

هەر بابەت و باس و شتێ لەم پێڕەوەدا دەقاو دەق باسی لێوە نەکرابێت ڕای کۆنگریسی گشتی دەخوات و لە نێوان دوو کۆنگریسی گشتی‌دا ڕای سەرکردایەتی پێڕەو دەکرێت.

●●●●

مرۆڤایەتی کورد ، کوردایەتی‌یە
کوردایەتی‌ی کورد ، مرۆڤایەتی‌یە

لەیەکەم کۆنگرەی
حیزبدا ڕۆژانی
٧-١٩٩١/٩/١٠ پەسند
کراو بڕیاری
لەسەردرا